# مەملەكەتی خێڵ . بكوژی جوانی

كەمال رەئوف

دەسەلأتداری عەشیرەت كەبچوكراوە و لەیەكچوو پاشماوەی دەسەلأتی دیكتاتوریانەی فیودالیزمە، بەرێشەش بەرەبابی سیستەمی كۆنینی باوكسالاریەو شێوە دەسەلأتێكی نیرجسی پیاوانەی وایە كە هەمیشە دەخوازێت و لەهەوڵی ئەوەدایە دەخالەت و دەورێكی خۆسەپێنەرانەو تاك رەهەندانەی هەبێت لەهەمووكارو بارە تایبەتیەكانی مرۆڤدا، یان بەشێوەیەكی نادیموكراتیانەو بەربەریانە لەچۆنیەتی هەڵسوران و بریاردانی هەلومەرجی ژیانی ئەندامانی عەشیرەتدا سەرۆكی خۆسەپێن مافی دوایین برِیاری هەبێت، ئەم دەسەلأت و كۆنترۆڵ كردنە كەهەمیشە بەشێوەیەكی ناشارستانیانە و بەئاشكرا لایەنداریێتی هەواو ئارەزووەكانی پیاوانە و هیچ دەور و بوارێكی كۆمەلأیەتی ناهێلێتەوە بۆژنان وسەربەستیان لێزەوت دەكات و وەك كالأیەك چاویان لێدەكەن، لەهەمانكاتیشدا، بكوژی راستەقینەی دەنگ و خواستەكانی لاوانیشە و هیچ مافێكیش بەوان نادات تاكو چێژ لەچونیەتی ژیانی لاوێتی خۆیان ببینن و خاوەن بیركردنەوەی تایبەت بەخۆیان بن، بەپێچەوانەوە كاتێك لاوان دەتوانن ببنە جێگەی متمانەی پیاوانی دیوەخان كە دەوری كۆیلەو گوێرایەلێكی بێدەنگ ببینن و توانای كوشتنی ئارەزووەكانی لاوێتی و بیروراكانی خۆیان هەبێت. ئەم بەپەراوێزكردنەی دەوری ژنان و لاوان لە دەسەلأتدارێتی عەشیرەتدا، لەژێر كاركردی هەندێك لەبیروبۆچونی ئاین و فەرهەنگدا بەرێوەدەچێت و ئازادیەكانی ئەوان دەخاتە ژێر چاودێریەكی مەزاجی بەرتەسكی تاكەكەسی واوە كەلەگەڵ خواست و بۆچونەكانی دەسەلأتی بورجوازی سەردەمدا نایەتەوە و ناتەبایە لەگەڵ دروشم و خواستەكانیدا، چونكە ئاشكرایە بەشێك لەئەركی شورشی بورجوازی لەهەر وولأتێكدا یەكلاكردنەوەوئەو مەسەلانەیە وتێكشكاندنی ئەو قەیدوبەندانەیە كە سیستەمی فیودالی لەبەردەم لاوان و ژناندا دایناوە، هەربۆیە بەناچاری دەبێت شورشی بۆرجوازی پشت و پەنایەكی بەهێزی بزووتنەوەی لاوان و ژنان بێت چونكە بەبیٚ بەشداری راستەو خۆی ئەوان و بەبیٚ گۆرانكاری لەژیانی ئەواندا شۆرشی بورجوازی دەبێتە نوكتەیەكی سیاسی و گالّتە جاریەكی بێتام ! شورشی ئایاری ( ١٩٦٨) ی پاریس ورووداوەكانی سەری سالّی (١٩٥٩) ی ستوكهۆلم و ( ١٩٦٣) ی بەریتانیا، ئەو روداوو یاخی بونانەبوون كە گۆرِانی گەورەیان لەنێو كۆمەلّدا دروستكردوە و توانیویانە هەلومەرجی ژیان بخەنە قوناغێكی نوێوە، ئۆپۆزیسۆنی بورجوازی عێراقی بەكوردو عەرەبیە وە لەبەر ئەوەی بروایان بەشۆرش و لەگۆرنانی سیستەمی فیودالیستی كۆن نیە لەبەرامبەریاندا خاوەن ئیرادەیەكی شۆرشگێرِانەنین شەرمنن لەوەی كەبتوانن بەئازادانە ئەوەراگەیەنن كە پشتو پەنای بزووتنەوەی ژنان ولاوانن و دەخوازن هەلومەرجی ژیانیان بگۆرن، هەربۆیە شۆرشی ئەم چینە لە عێراقدا نەك هەرخۆیان بە میراتگرەوەوەی سیستەمی فیودالیزم نازانن و نایانەوێت دەسەلأتی عەشیرەتبازەكان لەكۆمەلّداكەم بكەنەوە، بەلّكوبەپێچەوانەشەوە ئەوان بەشەریك و هاورێی رێگای خەباتی خۆیان دەزانن و دەیانەوێت جارێكی تر تەكێیەو مالّ و دیوەخانی عەشیرەت بەقازانجی حیزب گەشەپێبدەنەوە و ئیمتیازی گەورەی حیزبی و مالّی بەسەرەك عەشیرەتەكان دەبەخشن، ئەم هەلّە كوشندەیەی حیزبی بورجوازی لەمرۆدا دوبارەكردنەوەی ئەو هەولّە دێرینە بێبەرهەم وهەزیلەیە كەرژێمە كۆنە یەك لەدوایی یەكەكانی عێراق تاكو ئێستا لەبەرابەر عەشیرەتەكانی عێراقدا گرتویانەتە بەرو خەلّكی مەدەنی وشارستانیان پێداخ كردون، عەشیرەتبازی كەبیركردنەوەیەكی كۆنە پارێزی دێهاتیانەیەو دژی گیانی داهێنان و گۆرانكاری و سارستانیەتە، لەعێراقدا زۆربەیان هەمیشە ئەو دەورە ئینتیهازیەشیان بەبەردا برِاوە كەلەگەڵ هێزدابوون و لەپشتی رژێمەكانەوە وەستاون و دەستیان هەبوە لەو نەهامەتی و وێرانیەی كەرژێمەكان بەسەر خەلّكی عێراقیاندا هێناوە، لەو تێروانینەوەیە كە عەشیرەت و حیزبی بۆرجوازی مێژوویەكە پرۆتۆكۆلّێكی سیاسی رانەگەیەنراویان لەنێواند ا هەیەو لەبونی یەكترِی نیگەرانیان لەنێواندا نیە و سلّ لەیەكترِی ناكەنەوە، بەلكۆ بەپێچەوانەوە جۆرە خزمایەتیەكی وایش لەنێوانیاند ا دروستبوە كەحیزب و خێلّ تەواوكەری یەكتربێت، كۆمیدیای ئەو گەمە سیاسیە لای بورجوازی كورد لەوێدا دەبێتە تراژیدیایەكی سیاسی و مەرگەسات ئامێزانە كە حیزبی كوردی هەر بەمجامەلەی عەشیرەتە كوردیەكانەوە ناوەستێت، بەلّكو لەم تاكتیكە سیاسیەیدا ئەنتەر ناسونالیس عەشایەرەو ئومەمیانە دەروانێتە گیانی عەشیرەت و دەیەوێت سنوری نەتەوە ببرێت و بونی خۆی و هاوپەیمانێتی بگەیەنێتە نێو

**دیوەخان و ڕەشماڵی عەشیرەتە غەیرەکوردەکانیش، کەبەدڵنیاییەوە ئەمەش هیچ نیە جگەلەوەی کە هەنگاوێکی تری حیزبی کوردیە بۆدواوە و گرەو کردنیانە لەسەر ئەسپی دۆڕاو.**

**Kamalrehuf300@hotmail.com**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت